# تۆ لەگەڵ "با" ڕەدووکەوتوویت !

(پێشکەشە بە "لازۆ"ی مرۆڤ و شاعیر و ژن)

ساڵح بێچار

پێدەچێت هەڵمی هەناسەی پەپوولەکان

میناى چاویلکەکەیان بە تەم گرتبی

دەنا ئەو هەموو گوڵانە بۆ دەکەیتە فەرشی ڕێ

هاوڕێ...

تۆ بە کۆڵانێکدا گوزەردەکەیت

کە دەتباتەوە سەر ماڵی مناڵیی

ماڵێك..

گوێسوانەکانی هێشتا پڕن لە هێلانەی پاساریو

هێلانەکانیش ئاوەدانن بە جووکەو جریوە.

مناڵییەك..

لە "خاڵیی" خاڵییتر لە ڕقو

لە "پڕ" پڕتر لە قریوە.

تۆ ئەمڕۆ گۆرانیی خۆت بچڕە

سبەینێ..

هەموو مێکانی نیشتمان

گۆرانییەکانی تۆ ئەزبەردەکەن و

ڕۆژانە پێنج فەرزە دەیلێنەوە

تۆ دڵنیایت..

هەتا ئێرۆس نەمانشواتەوە

لە ڕۆژهەڵاتی بوون،

لە خێڵایەتیی بوون،

لە سالاریی بوون،

نە گوڵو نە ئاو و نە تریفەی مانگەشەو

خاوەنی نە دەنگو نە ڕەنگو نە بۆنی خۆیان نین!
هاوڕێ..
تۆ لە مەملەکەتی پیاوستان دا
شەهوەتبازانە هاواردەکەیت:
ئەو شەنگە شیلکە چەند جوانە
کە بێ "مایۆ"ی شەرەف و بێ "ستیان"ی شەرم
باسی لەزەتی ڕووتبوونەوە دەکات.
تۆ لە دیوەخانە سیخناخەکان بە دوکەڵ و
بە سمێڵ و تەزبیح و خەنجەر دا
پڕ بە گەرووی تەڕترین هەنار
هاواردەکەیت:
"تۆ ئەی پیاو، خەنجەرەکانت فڕێدە،
شمشێرەکانت فڕێدە،
قامچییەکانت فڕێدەو ئەوکات وەرە جێگاکەمەوە"★
لە خەونەکانی تۆدا
نەك هەر گوڵەکان ڕەشپۆش نین
تا ڕیشۆڵەکانیش پەمەیین!
تۆ لەگەڵ باران دەستت تێکەڵە و
لەگەڵ (با) ڕەدووکەوتووی
تا نهێنیی ڕووتکردنەوەی درەختەکانت پێبڵێ.
چەندە ڕووسوورە حەوا بەبوونی کچی وەك تۆ!
مریەم هەموو سپێدەیەك دێت و
پاکیزەییت لێدەخوازێت.
بەڵام ئەفسوس... ئەفسوس هاوڕێ
گڕی تەمەن وا
زیاتر لە نیوەی پێدەشتی عومری کردووی بە قەقنەس

**تازە پێناچێت.. هیچ ئاگربڕێک**

**بتوانێ بە فریای کەمتر لە نیوەکەی تری کەوێ!**

**تازە تۆ بەم ئێوارەوەختەی تەمەن بەنیازی چیت؟**

**کە دونیات بە خەون تێپەڕاند و**

**بەهەشتیشت گۆڕییەوە بە شیعر!**

**سلێمانی**

1/3/2005

**⋆ کۆپلەیەکە لە شیعری (منو کەمانچەژەن)ی لازۆ.**